# دەوڵەتی یاسا (The Rule of Law) و بێسەروشوێن کردنی نووسەرێک

## بەختیار کەریم

### پێشەکیەکی درێژ

زیاتر لە پەنجا رۆژە دۆزێکی خەمهێن کۆمەڵێکی لە نووسەران تووشی جەنجاڵی و هەرایەک و کۆمەڵێکی دیکەشی تووشی بێدەنگیی کردوە. دۆزێک کە مرۆڤبوونمان رێگەنادات هەڵوێستەیەکی لەسەر نەکەین. کۆمەڵی یەکەم وێرای هەبوونی جۆرێک لە خەمخۆری و خولیای ئازادیی هەوڵ دەدەن پارێزگاری لە مافی مرۆڤ و دەوڵەتی یاسا بکەن، چەند دەنگێکی لێدەرچێت ئەم دەنگانە لەبەر نەبوونی ستراتیژێک لەلایەن دەسەلات و چڵکاوخۆرەکانیەوە بە دەنگی دژە-پارتی، دژە-کورد و دژە-دیموکراسی کوردی لەقەڵەم دەدرێن، نەک هەر گوێیان لێناگیرێت بگرە پەراوێز دەخرێن. هەڵە نیە گەر بڵێین لەم جۆرە دۆزانەدا و لە کوردستانی 'دیموکراتدا' تۆ پێویستت بە ستراتیژ هەیە بۆ دوان لەسەریان. پێویستە نووسەر بێلایەنانە قسەیان لەسەر بکات. بەڵام بێلایەنی لای ئێمە بێدەنگیی بەرهەم هێناوە، بەڵێ بێدەنگی کۆمەڵی دووەم لە نووسەران زادەی ئەم تێگەیشتنەیە، بێلایەنن بۆیە ئامادەنین لەسەر پێشلکاری مافی مرۆڤێک بدوێن، مرۆڤێک کە لەهەناوی شارەکەی خۆیدا لەلایەن پۆلیسی نهێنیەوە دەفرێنرێت، جا بەهەر بیانویەک بێت، بۆ ماوەی پتر لە پەنجا رۆژ لە یەکێک لەو قەڵایانەی ستەمدا کە لە هەناوی شارەکانی کوردستاندا هێمن خەوتون زیندانی دەکرێت، ئەم نووسەرانە بێدەنگن تا ئەم قەڵای ستەمانە خەویان نەزرێت، نەبادا شانسی وەرگرتنی پارچە زەویەکەیان لەدەست بچێت. یان بڵاڤۆکە بێلایەنە/حیزبیەکان کتێبە بێناوەرکەکانیان بۆ چاپ نەکەن. کارەساتەکە قووڵترە کاتێک دێتە سەر نووسەرانی دەرەوە، خۆ ئەگەر نووسەرانی ناوەوەی وڵات لەترسی نان برین و سوکایەتی دەزگا نهێنیەکانی حیزب بێدەنگن، ئەوا نووسەرانی دەرەوە ئامادەن بۆ چاپکردنی کتێبێک دەستی بەرپرسی دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوەکان رابموسن کە هاوکات بەرپرسی ئەم دەزگایەنە، سەرنووسەری کۆمەڵێک رۆژنامە و گوڤار و بەرپرسی یەکێکن لە دەزگا سەرکوتکەرەکان. چ رۆژگارێکی تاڵە گەلۆ کە رۆشنبیر هاوکات جەلادی دەزگا نهێنیەکان و سەرنووسەری گۆڤارەکان بن. ئەو گۆڤارانەی گوایە فیکر دەگوێزنەوە نێو پانتایی رۆشنبیریی کوردی. هەندێک لەم بەناو رۆشنبیرانەی دەرەوەی کوردستان کە ماڵپەرەکان بە جنێو و جەهل رووپۆش دەکەن، کە خۆیان بەسەرسەختترین رەخنەگری مێژوو دەزانن، کاتێک دەگەنەوە کوردستان وەک پشیلەیەکی برسی دەسەلات بە پارچە ئێسقانی پاشماوەی سەر خوانەکانی خۆی دەسەمۆیان دەکات، ئیتر لەبیریان دەچێتەوە کە بۆچی و بە چ مەبەستێک سەردانی کوردستانیان کردوە، لەوەش زیاتر شانازی بە هاورێیەتی (وەزیری ئەشکەنجە و کاروباری سەرکوتکردن) کردن دەکەن، بگرە کلکەسوتەکێی بۆ دەکەن.

لێرەدا گرنگە لە ناوکۆییەکی تەندروستدا لە بابەتەکەمان بدوێین. ناوکۆییەک کە قوربانیی دەکاتەوە بە مرۆڤ و مافەکانی دەداتەوە، پاش ئەوەی ئەم قوربانییە بەناوی جنێوفرۆشەوە لە مرۆڤبوونی رووتدەکرێتەوە، چیتر مرۆڤ نیە، چیتر مافی نیە، چیتر هەڵناگرێت لەسەری بدوێین، خۆ ئەگەر سەهومان کرد و شتێکمان لەسەر گووت ئێمەش دەبینە جنێوفرۆش. ئێمە بەم تاکتیکە نائاشنا نین، ئەم تاکتیکەی نووسەر، جنێوفۆرش، رەخنەگر، هتد...بەرلەهەموو شتێک لە مرۆڤایەتی بەتاڵدەکاتەوە، وەک هەرەشەیەک بە هاووڵاتیانی دەناسێنێت، بۆ ئەوەی هاوتوخمەکانی شتێکی لەسەر نەڵێن. ئەم تاکتیکە بەدرێژایی مێژوو لەلایەن ستەمکارانەوە کاری پێکراوە، هیتلەر بەرلەوەی جولەکە، قەرەج، کۆمەنیست، کەمئەندام و هۆمۆسێکسواڵەکان لە گەرماوەکاندا بکات بە سابون، لە پرۆسەیەکی پلان بۆ دارێژراودا سیمای مرڤانەی ئەم گروپانەی لای ئەڵمانیەکان رەش دەکردەوە، ئەم مرۆڤانە کە پێشتر وەک مرۆڤ دەبینران، پاش ئەو نامرۆڤاندنە وەک جولەکە، یان هەر شتێکی دیکە دەبینران کە سیمای مرۆڤیان لەدەستداوە و بوونیان وەک هەرەشە دەبینرا، لەوێوە مافیان نیە، هەڵناگرن لەسەریان بدوێین، ئەو مرۆڤانەش کە بە درێژایی چەندین سەدە هاورێ و هاوڵاتیان بوون، بە ئاسوەدەییەوە رووخساریان بەو سابونە خاوێن دەکردەوە کە لە سوتماکی جەستەی ئەوان دروستکرابوو. دەبێت چ خاوێن کردنەوەیەک بوو‌بێت ئەم رووخسار شووشتنە؟ بڵێی قیژەی بەرلە سوتانی ئەو جولەکانە کە لە سابونەکاندا کپ کرابوون بە گوێی کەس گەیشتبێت؟ بەدگومانین، چونکە دواجار ئەوانە 'تەنها' جولەکە بوون و هیچی تر، مرۆڤ نەبوون، رووخساریان نەبوو بۆ خاوێن کردنەوە، تەنها و تەنها جولەکە بوون. ستالین و سەدامەکەی 'عێراقی برایەتی' هەمان شێواز لە سەرکوت و ستەمکاریان بەرێوە بردوە، هەموومان دەزانین ئەنفال پاش سەرژمێریی دەکرێت، پاش ئەوە رووددەدات کە ئەم مرۆڤانە لەلایەن

ڕۆشنبیرەکانی بەعسەوە (کە هەندێکیان ئێستا لە کوردستان پێشڕەوی ڕۆژنامەگەریی کوردین) لە مرۆڤبوونیان بەتاڵدەکرێنەوە. بەواتایەکی دی تۆ بۆ ئەوەی بێدەنگیی جەماوەر فەراهەم بکەیت پێویستت بە دەزگای سەرکوتکەر هەیە، بەڵام ئەم دەزگا سەرکوتکەرانە بەبێ جۆرێک لە ڕۆشنبیر هەڵناکەن کە ڕووداوەکانی ناوەوەیان وەک نمایشێکی یاسایی خاوەن شەرعیەت بناسێنن، تا بیر و خولیای جەماوەر بە دیوێکی دیکەدا ئاراستە بکەن.

چ گاڵتەجاڕیەکە گەلۆ هەر باسێک لە دیموکراسی کوردی، لەسەر شتێک کە نەک هەر نیە بەڵکو ئاماژەکان پێمان دەڵێن کە هەرگیزیش لە دایک نابێت. دیموکراسی چۆن لەدایک بێت کە سەرکردەکانی کورد بە هێکتار زەوی دەبەشنەوە بەسەر کوڕەکانی خۆیان و ئەو نووسەرە گوێڕایەڵانەی کە وەک کوڕی خۆیان ئامادەنین شتێک لەسەر باوکە جەلادەکانیان بڵێن. دیموکراسی چۆن دەفراژێت، کاتێک کۆی ڕۆشنبیریەک دەبێتە ڕۆشنبیریەکی ڕۆژنامەیی، هەموو ڕۆشنبیرەکان دەبنە ئەو جۆرە لە ڕۆژنامەنووس کە (نیچە) پێیان دەڵێت "هەمیشە نەخۆشن و زەرداوی ڕشانەوەکانیان ناودەنێن ڕۆژنامە"1. دیموکراسی چۆن دەفراژێت کە تا ئەم ساتەوەختەش یەک تاکە دادوەرمان نیە زیندانە نهێنیەکان، کانگەکانی ئەشکەنجە و کەلتوری دزیی سیاسیەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە. دیموکراسی چلۆن لە پزدانی "باوکی ئاوسی" دەکەوێتە خوار کاتێک 'ئێمە' زارقەرەباڵغانە لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەتی یاسا بدوێین و دڵنیاش بین کە دادگای سەربەخۆ لە خاکی ئێمەدا گوڵی نەکردوە، یان باشترە بڵێین درەختێکی گووڵە و ئێمەش بەباڵایدا هەڵدەڵێین؟

با لە وروژان و بەرهەستیەکانمان دوورکەوینەوە و لە چەمکی دەوڵەتی یاسا بدوێین، پاشان لەژێر ڕۆشنایی ئەم چەمکەدا دەرئەنجامگیری ئەوە بکەین کە ئایا بێسەروشوێنکردنی 'مرۆڤێک' لە کەلتوری ئەم چەمکەدا جێگەی دەبێتەوە؟ مرۆڤێک بەر لە پرۆسەی نامرۆڤاندنی ناوێکی هەبوو (دکتۆر کەمال سەید قادر)، پێگەیەک و پیشەیەک و زیاد لە شوناسێکی هەبوو، مرۆڤێک بوو بە ڕووخسار و هزر و جەستەوە. وەلێ ئێستا تاوانبارێکی جنێوفۆرشی گێرەشێوێنی نارۆشنبیری نەخوێندەواری بێکەلتوری بێپرینسیپی دژە-پارتی و دژە-دیموکراسی و دژە-کورد و دژە-مرۆڤە، ئێستا ژمارەیەکی لەبیرکراوە، کاراکتەرێکی وەهمیە لە مەفەلفێکی نهێنی زیندانێکی نهێنیدا لە شارێکی خاوەن مێژوو، شارێک تا ئەو جێگەیەی من پێی ئاشنا بم بە زوڵم هێلنجی دێتێ.

## دەوڵەتی یاسا

دەوڵەتی یاسا یەکێکە لەو چەمکانەی کە لەیەک کاتدا پەیوەندیەکی پتەوی بە کەلتوری دەستوریی و کەلتوری دیموکراسیەوە هەیە (بێگومان پەیوەندیشی بە ماف و ئازادییەوە هەیە). ئەگەر سەرنج لە گوتارەکانی جۆرج بۆش و هێڵە گشتیەکانی پرۆژەی دیمۆکراتیزەکرن بدەین دەبینین دەوڵەتی یاسا زیاد لە هەر چەمک و پرنسیپێکی دی بە چاک یان بە خراپ بەکاردێت. ئەم بەکارهێنانە تا ئاستی ڕەخنەگرتن لە دەوڵەتی ڕوسیای فیدراڵ ڕۆیشتوە کە خاوەنی دادگای سەربەخۆ و کەلتوری دەوڵەتی یاسایە (بەڵام مافەکانی مرۆڤ وەک پێویست ڕێزی لێناگیرێت). بەواتایەکی تر بۆش و ئەندازیارانی پرۆژەی دیمۆکراتیزەکردن بە جیهان دەڵێن کە ڕێزگرتن لە دەوڵەتی یاسا مەرجێکی سەرەکیە بۆ هەبوونی دیموکراسی. ئەم دیدە شتێکی نوێ نیە بە سیاسەتی ئیمپیریالیستانەی زلهێزەکان، دەکرێت هەمان دیدگا و ئاراستە لە سیاسەتی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا لە سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بەدیبکرێت. وێجای ئەم بەکارهێنانە سیاسیە بەرژەوەندخوازە، پەیوەندی دەوڵەتی یاسا بە کەلتوری دەستوریەوە لە جیهاندا لە پەیوەندیەکەی بە دیموکراسیەوە کەمتر و بێ بەهاتر نیە، بگرە دەکرێت دەوڵەتی یاسا وەک پردێک وێنا بکەین لە نێوان دەستور و دیموکراسیدا، پێشێلکردنیشی پێشێلکردنی هەردووکیانە، بێگومان ئەم بۆچوونە بۆ وڵاتانی تۆتالیتار دروست نیە، چونکە پێشوەخت هەڵەیە گەر باس لە دەوڵەتی یاسا بکەین لەو جۆرە ڕژێمانەدا مەگەر شایەرەکانی دەسەڵاتێکی ستەمکار بۆ چاوبەست بانگەشەی هەبوونی دەوڵەتی یاسا بکەن و زورنا بۆ دادوەری لەو جۆرە ڕژێمانەدا بژەنن. جگە لەوەش دەوڵەتی یاسا یەکێکە لە تایبەتمەندی و کاراکتەرە گرنگەکانی کەلتوری (لیبراڵ دیموکراسی) لە جیهانی خۆرئاوادا. پاشان دەوڵەتی یاسا هەوڵی چەسپاندنی یەکسانی، دادوەری و ئازادی هاوڵاتیان دەدات، بە واتایەکی تر ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لە هەناوی دەوڵەتی یاسادایە و بەبێ بەرزڕاگرتنی مافەکانی مرۆڤ ناکرێت قسە لە دەوڵەتی یاسا بکرێت. بۆ ئەوەی لە پەیوەندی دەوڵەتی یاسا و دادوەری تێبگەین، دەبێت هەوڵی پێناسەکردنی بدەین، بەڵام پێویستە هۆشیار بین لەو

ڕاستیەیەی کە دەوڵەتی یاسا دۆکترین (doctrine) یان پرنسپڵێکی قەیراناویە لە ڕووی مانا و بەکارهێنانەوە. بەهەرحاڵ هەوڵدەدەین بە پشت بەستن بە پێناسە بەناوبانگەکەی یاساناسی ئینگلیزی 'دایسی' (Albert Venn Dicey) پێناسەیەک وەربگرین کە لە خزمەتی بابەتەکەماندا بێت.

دەوڵەتی یاسا بە بۆچوونی دایسی بەشێکە لە ژیانی ئینگلزیی و کۆڵەکەیەکی پتەوی کەلتوری دەستوریی ئەو وڵاتەیە، هاوکات دایسی دان بەو ڕاستیەدا دەنێت کە ئەم چەمکە زۆر تەمومژاوی و بگرە قەیراناویە بۆ مەبەستی پێناسەکردن. دایسی بەشی دووەمی کتێبەکەی بۆ ئەم چەمکە تەرخان دەکات، بەڵام دایسی لە چوارچێوەی دەستوری ئینگلیزیدا هەوڵی پێناسەکردنی دەدات نەک وەک پریسپڵێکی یاسایی و سیاسی کە ئەمڕۆ بەکارهێنانی ئێجگار فراوانە. سەرەڕای ئەمەش دایسی پێناسەیەکی کەم تا زۆر ساکاری ئەم چەمکەمان بۆ دەکات. لای دایسی دەوڵەتی یاسا لە سێ پێکهاتە (elements)ی سەرەکی پێکدێت:

یەکەم: هیچ کەسێک نابێت سزا بدرێت، مەگەر بەپێی یاسا و لەبەردەم دادگایەکی شەرعیدا نەبێت.

دووەم: هیچ کەس لەسەرو یاساوە نیە (یەکسانی لەبەرامبەر یاسادا).

سێیەم: ڕێزگرتن لە ئازادی تاکەکەس لەلایەن یاسادانەر و دادوەرانەوە2.

دەبینین هەر یەک لەم سێ پێکهاتەیەی دایسی کە پێکەوە دەوڵەتی یاسا پێکدەهێنن وابەستەن بەیەکەوە، بگرە زۆر دەستور ئەم پێکهاتانە وەک ماف لە دەستوردا دەنوسێت یان لە سەرەتای دەستوردا لە شێوەی ڕەچەتەی مافدا ( Bill of Rights) دیاریان دەکات. جگە لەوەش پێکهاتەی دووەمی دایسی جێگای ڕەخنەیە چونکە زۆرن ئەو دەوڵەتانەی ئیمیونیتی (حصانة) هەندێک هاووڵاتی دەخاتە سەرو یاساوە. بەڵام ئەم تێگەشتنە پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیوە کە لێرەدا دەتوانین کۆمەڵێک مەرج دەستنیشان بکەین بۆ هەبونی دەوڵەتی یاسا. ئەم مەرجانە لە کۆنفرانسی نیودەلهی لە هیند لەسەر دەوڵەتی یاسا لەگەڵ چەندینی دیکەدا چەسپێنران.

- یاسا پێویستە ئاشکرا بێت و کەس سزا نەدات بۆ تاوانێک کە بەر لە دەرچوونی کراوە.
- یاسا پێویستە هەتا دەکرێت سەقامگیر بێت.
- دەرکردنی یاسا پێویستە بەپێی ئەحکام و پرینسپڵە بنەڕەتیەکان بێت.
- سەربەخۆیی دادوەری پێویستە بپارێزرێت لە هەموو کاتێکدا.
- دادگاکان توانای پێداچوونەوەی یاساییان هەبێت بە یاسا و بڕیار و پرینسیپڵی جیبەجێ کردنیاندا.
- هاووڵاتیان بەئاسانی بتوانن پەنا بۆ دادگا ببەن و پشتی پێ ببەستن.
- گومانلێکراو بێتاوانە هەتا تاوانباری ئەچەسپێت بەپێی یاسا.
- جێبەجێکەرانی یاسا (پۆلیس و ئاسایش) یاسا پێشێل نەکەن بەناوی پاراستنیەوە3.

گرنگی دەوڵەتی یاسا لەوەدایە کە هەوڵ دەدات هاوسەنگی لە نێوان هاووڵاتی - کۆمەڵگە - و حکومەتدا ڕابگرێت. مافی هاووڵاتی لە حکومەت دەپارێزێت و ڕێگەی لێ دەگرێت کە بەناوی یاساوە مامەڵەی خراپی هاووڵاتی بکات، کۆمەڵگە لە هاووڵاتی تاوانکار دەپارێزێت لەڕێگەی سزادانیەوە بەپێێ یاسا، هەروەها کار ئاسانی بۆ حکومەت دەکات لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا لە ڕێگەی ئەم هاوسەنگیەوە. بێگومان دەوڵەتی یاسا زۆر لەمە زیاترە کە لێرەدا بە کورتی و هێڵە گشتیەکانیمان باسکرد، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بووینە هاولاتی دەوڵەتێکی دیموکرات ئەوا دەوڵەتی یاسا دەبێتە بەشێک لە ماف و ژیانی ڕۆژانەمان، ئەوکات دەکرێت لە ڕۆشنایی کۆمەڵگەکەی خۆماندا پێناسەی بکەین بەڵام ئێستا شتێکی وەک دەوڵەتی یاسا بوونی نیە و بۆ پێناسەکردنی دەبێت پشت بە ئەزموونی کۆمەڵگەی دی ببەستین.

ئێستا لە ڕێگەی تێرامانێک لە دۆزی گرتن یان بێسەروشوێن کردنی (دکتۆر کەمال سەید قادر) هەوڵی سەلماندنی ئەم بۆچوونە دەدەین، کە لەلایەن ئاسایشی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە (یان وەک خۆیان دەڵێن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە) شوێنبزر کراوە. سەرەتا زۆر سەختە لەژێر ڕۆشنایی ئەو نهێنی بوونەی دادگاییکردنە درامایەکەدا

بزانین تۆمەتەکان چین، یان لەسەر چ بنەما و یاسایەک ئەم دادگاییکردنە بەڕێوەدەچێت. لێرەوە ناکرێت تێڕامانمان لەسەر ناوەڕۆکی دادگاییکردنەکە چڕ بکەینەوە، بەڵکو تەنها دەتوانین شێوازی درامایی دادگاییکردنەکە بخەینە ژێر پرسیارەوە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێکهاتە سەرەکیانەی چەمکی دەوڵەتی یاسادا (کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا) سەرەتا دەپرسین ئایا دادگاکە سەربەخۆیە؟ سەربەخۆیی دادوەریی بەشێکی لە کەلتوری سیاسی کورد پێکنەهێناوە، ئەو دەستکورتیەی دادگا و دادوەران لەبەرامبەر سیاسیەکاندا ئاماژەیەکی زیندوون بۆ ئەم ڕاستیە، ئەوە سیاسیەکانن گەمە بە دادوەران دەکەن، ئەوەش دادوەرانن گوێڕایەڵانە یاساکان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکاریەکان، بە پێوەرە کۆنە تۆزلێنیشتوەکان ڕاڤەدەکەن. دادوەران کۆمەڵێک ڕووخسار نین بە هاوولاتیان ئاشنابن، کۆمەڵێک دەنگ نین دڵنیایی پاراستن و سەروەری یاسا بە هاوولاتیان ببەخشن. بەڵکو کۆمەڵێک ڕووخسارن کە دیوی ترسناکی سیستەمی دادوەری بەرجەستە دەکەن، دیوێک کە لە ستەمکاری بەدەر نیە. دادوەران تەنها یاسا وەک خۆی، بێ پرسیار بێ گومان جێبەجێ دەکەن. گومانی تێدا نیە کاری دادوەران گرنگی خۆی هەیە لە ڕاگرتنی شیرازەی کۆمەڵگادا، بەڵام هاوکاتی ئەم ئەرکە گرنگە دادوەران دەبێت برەو بە کەلتوری ڕەخنە لە دەسەڵات بدەن، دادوەران پێوستە ئەو توێژەی کۆمەڵگا بن کە جڵەوی دەسەڵاتداران دەگرن و سەرپێچیەکانیان مەحکوم دەکەن. دەستێوەردانی سیاسی و حیزبەکان لە کاری دادگاکاندا بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ناسەربەخۆیی دادگاکانی کوردستان، ئەم دادگاییکردنەی (دکتۆر کەمال سەید قادر)یش کە حیزبیک و دەزگانی لەپشتیوە ئامادەگیەکی سەنگینیان هەیە، پیشانی دەدات کە ئەم دادگایە بەتایبەتی سەربەخۆ نیە. ئەگەر ئەم دادگایە سەربەخۆ بوایە ئەوا گومانلێکراو دەبوایە پاش پتر لە پەنجا ڕۆژ کۆتایی بە دادگاییەکەی بهاتایە، بەڵام لە ڕاستیدا هێشتا پارێزەریشی نیە، جگە لەو پارێزەرەی بەبێ خواستی خۆی بەسەریدا سەپێنراوە. خۆشحاڵ نیم کاتێک یادی خوێنەر دەهێنمەوە کە دادگای شۆڕش (محكمة الثورة)ی بەعس بەهەمان شێوە پارێزەری بەسەر تۆمەتبارانددا دەسەپاند، کە هەموومان دەزانین کەمێکیان گەڕانەوە نێومان و زۆریان ناڕەوا لە سێدارەی زوڵم دران. هەڵەن گەر پێتان وابێت من بەراوردکاری لە نێوان بەعس و پارتیدا دەکەم، تەواو بە پێچەوانەوە، ئەوەی دەخوازم بیسەلمێنم ناسەربەخۆیی دادگایەکە نەک هەر شتێکی دیکە.

لە دادگای سەربەخۆدا گومانلێکراو پێویستە بەو تۆمەتانە ئاشنا بکرێت کە لەسەریان دادگایی دەکرێت. بەڵام ئیمە نازانین ئەو تۆمەتانە چین، ئەوەندە نەبێت گوایە تۆمەتبار جنێوی داوە. پێدەچێت لە یاسای عێراقیدا جنێودان تاوان بێت، بەڵام لەو بڕوایەدا نیم کە ئەم تاوانە شایانی ئەوە بێت کە کەسێک پتر لە پەنجا ڕۆژ بەبێ دادگایی کردن زیندانی بکرێت. ئەگەر جێنودان تاوانە، پێناچێت دۆزێکی یاسایی ئەوەندە ئاڵۆز بێت کە دادگایی کردنە هێندە درێژ خایەن بێت، خۆ "میلۆسۆڤیچ" دادگایی ناکەن. ئەگەر وەک هەندێک دەڵێن گوایە بە نووسینەکانی هەڕەشەی لە "ئاسایشی نەتەوەیی کورد" کردوە، ئەوا لە دادگایەکی سەربەخۆدا بڵاوکردنەوە لەسەر ئەو تاوانە و بەڵگەکان و لەسەر ئەو یاسایەنە دەکرێت کە پێویست بوونی دادگاکەی سەپاندەوە، ئەمەش بۆ دڵنیاکردنەوەی هاوولاتیان کە یاسا سەروەرە. هاوکات دەشێت ئەم دادگاییکردنە پێشێلکردنی یاسا عێراقیە کۆن و نوێکان بێت کە ئێستا لە کوردستان کاریان پێدەکرێت، ئەمەش ناسەربەخۆیی دادگاکان و ناسەروەریی یاسا پیشان دەدات.

لە کۆتاییدا دەکرێت بپرسین ئەم چەمکی "ئاسایشی نەتەوەیی کورد"ە چیە کە بۆتە ئامرازێکی لەبار بۆ سەرکوتکردنی نەیارانی دوو حیزبی دەسەڵاتدار؟ کامانەن ئەو هێڵە سوورانەی نابێت بیانبەزێنین؟ کێن ئەوانەی ئەم هێڵە سوورانە دەکێشن؟ پەرلەمانی کوردستان کە زێدەتر بە دیوەخانی پیاوە گوێڕایەڵەکان دەچێت و هەتا ئێستا گفتوگۆیەک، پرسیارێک یان هەر شتێکی دیکەی بەرهەم نەهێناوە؟ یان حیزب کە بڕیاردەرە لە هەموو گەورە و بچوکێکی ژیانی کورد؟ ئاسایشی نەتەوەیی کورد چەمکێکە مەگەر ئەم دوو حیزبە بزانن چیە و سنوورەکانی کامانەن. ئێمە چۆن بزانین پیناسەی ئەم چەمکە چیە کاتێک سەرکردەکانی کورد ڕۆژێک عێراقیی برایەتیخواز و ڕۆژێک کوردستانیی سەربەخۆخوازن، ڕۆژێک قەبری خومەینی ڕادەموسن و ڕۆژێک لاملی سەدام، لەلایەکەوە باس لە برایەتی کورد و عەرەب دەکەن و لەلایەکی ترەوە پەیوەندی ژێربەژێر لەتەک ئیسرائیلدا بنیاتدەنێن. گەلۆ لەم دژواری و گاڵتەجاڕیەدا چلۆن بزانین ئەم ئاسایشی نەتەوەییەی کورد چیە تا ڕێزی بگرین؟ پێدەچیت ئاسایشی نەتەوەیی کورد لە ئاسودەیی سەرکردەکانی حیزبدا کورت کرابێتەوە، جنێودان بە سەرکردە جنێودان بێت بە کورد، باس کردن لە نهێنیەکانیان بەزاندنی هێڵە سوورەکان بێت.

سەرچاوەکان


1 Nietzsche, Friedrich, (2003), Thus Spoke Zarathustra, London: Penguin. P.77.

2 بەشی دووەمی ئەم کتێبە گرنگەی 'دایسی' لەسەر یاسای دەستوری تەرخانە بۆ گفتوگۆ لەسەر 'دەوڵەتی یاسا' کە لێرەدا زۆر بە کورتی بۆچوونەکانی 'دایسی' مان خستەڕوو. بڕوانە:
Dicey, A.V. (1959), Introduction to the Study of the Law of the Constitution, 10th Edition, Basingstoke: Macmillan.

3 بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کۆنفرانسی 'کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی یاساناسان' لەسەر دەوڵەتی یاسا لە نیودەلهی بڕوانە:
/http://www.icj.org


05/12/17
ئۆکسفۆرد/ئینگلاند